لە مانگەکدا نزیکەی 36 تەن خۆراک و کەرەستەی خراپ لە سلێمانی لێناوبران

ئەمە شەممە قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند، لە مانگی ئاب نزیکەی 36 تەن خۆراک و کەرەستەی خراپ لەناوبراوە و سزای دارایی ئەو شوێنکارانە دراوە کە پابەندی ڕێنماییەکانی نەبون.

قائیمقامیەتی سلێمانی لە ڕاگەیەندراوەکدا بڕاویکردوە، بەپێی ئامارەکانی مانگی ڕابردوو هەزارو 149 سەردانیان لە سنوری شاری سلێمانی بازار و شوێنە گشتیەکانی ئێنجامیانداوەو پسوڕەی سەرپێچیان بە 360 شوێنکار کردوە، هاوکات 216 حاڵەتی ئاگادارکردنەوە هەبوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لەو مانگەدا شەش حاڵەتی دادگا تەمارکراوەو هەشت شوێنکار بەهۆی سەرپێچییەوە داخراون، ئەو شوێنانەشی کە ڕوبەڕوی داخستن بونەتەوە بەهۆی دوبارە ئێنجامدانی سەرپێچی و پابەندنەبونیان بوە، بەو ڕێنمایانەی کە پێشتر لە لایەن لیژنە هاوبەشەکانەوە پێیان درابوون.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکە، لە مانگی ڕابردودا 50 ملیۆن دینار سزای دارایی ئەو شوێنکارانە دراوە کە پابەندی ڕێنماییەکانی نەبون.